
Kurdistan Net
Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.02.25 00:36:36 +01'00'

## نووسین لە کۆنەوە تا ... بابان سە قزی



مرۆڤ هەر لە سەرتای بوونیەوە، هەمیشە خۆی نیازمەند بە پەیوەندی لەتەک یەکتر بینیوە. بۆیە بە درێژایی ئەم ژیانەی، بە سێ شێوە پەیوەندی درووست کردە.
یەکەم بە شێوەی دیداری، کە لە ڕێگای جوڵاندنی دەست و سیما و ئەندامەکانی دیکە یا داگرساندنی ئاگر یا بەکارهێنانی تیشک یا دووکەڵ بۆ پەیوەندیکردن.
دووهەم پەیوەندی بە چەشنی هەستکردن، وەک دەستلێدانەوە (تەوقەکردن، کە لە ناو ئایینی بەهدینی باو کرا)، یا نەوازشتکردن یا چۆنیەتی جوڵاندنی پەنجەکان کە تا بە ئێستا لەناو کەڕ و لاڵەکان بە کار دێت.
جۆری سێهەمیش، شێوەی دەنگ و بانگکردنە، ئاوازخوێندن و هاوارکردن و شێوەی جۆراجۆر کە لە ناو خەڵک باو بووە.
بەڵام مرۆڤ بۆ ئەوەی پا بنێتە ناو ئەو پێڤاژۆیە، کە ئەو شتەی فێری بووە و کۆشش و هەوڵی بۆ داوە و بە دەستی هێناوە، بینووسێت و هەڵی بگرێت و بیگۆزێتەوە بۆ بەرە و نەفشەکانی ئایەندە، نیازی بە قۆناخی پێشکەوتووی شارستانیەت هەبووە، کە لە ڕاستیدا نووسین بەهرەی ئەم پێداویستی و ئەم پێشکەوتنی شارستانیەت بووە.
ئەما مرۆڤ پێش لەوە بە کاری نووسین خەریک بێت، لە ڕێگای پەیوەندی دیداری لەتەک جیهاندا، پەیوەندییەکانی سەرەتایی دامزراندبوو. ئەشکەوتەکانی کوردستان «کەرەفتوو، هەزارمێرد، کاوس، پائیروەند..» و ئەو ئەشکەوتە تازە پەیدابووانەی ئافریقا و ئەوروپا و ئامریکا و هەموو ئەو شوێنانەی دیکە کە لە کوێستانەکان ماوە، هەمووی هەڵگری یادگاریی مرۆڤی ئەو سەردەمەن، کە سروشت و جیهانی دەوروبەری لێ نەخشانیویەتی. وێنەی گیانلەبەران، وێنەی مرۆڤ لە کاتی ڕاو و جەنگ و شێوەی جۆراجۆری بارۆدۆخی ژیان و ئایینی لە سەر تاشەبەرد و دیوارەکانی ئەم ئەشکەفتانە هەڵکۆڵیوە و نەخش کراوە.



نەخشی ژن. موزەی سولەیمانی

پرسیار ئەمەیە، گەلۆ مەبەستی مرۆڤ لە نیگارکێشان و ئەم نەخشانە، کاریگەری هونەری بووە، یاکوو جادوو و شتی دی؟ لێکۆڵینەوەیەکی کوور و قووڵ نەکراوە و بەڵگەیەکی دیاریکراومان بە دەستەوە نییە. ئەما لێکۆڵینەوەی دیرۆکی ژیاری مرۆڤایەتی، ئەوە دەسەلمێنێت کە مرۆڤی سەرەتایی، هیچ کارێکی نەکردووە، مەگەر لە سەر پێداویستی و نیازی کۆمەڵایەتی نەبووبێت.
بۆیە ئەم بڕوایە بە هێز دەبێت کە وێنەکانی سەر ئەم تاشەبەرد و ئەشکەفتانە، خۆی جۆرە نیازێکی مرۆڤ بۆ پێکهێنانی کەم و کووڕییەکانی بێت. بەڵام مەودای کێشان و تێپەڕینی قۆناخی نیگار تا قۆناخی نووسین لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی درێژەی خایاند و مرۆڤ لەم مەودا دوور و زۆرە بوو کە توانی وردە وردە فێر بێت، بۆ بەدیهاتنی ئەو نیاز و پێویستیانە کە ئاماژەمان بۆ کرد، لە هەر ئەو وێنە و نیگارانە کە خۆی کێشابووی، لە پێداویستیەکانی ڕۆژانەی ئەو سەردەمە بە کار بێنێت.




جام بە نیگاری هیرۆگلیف. میتسوپاتامیا

بە دڵنیایی ناکرێت بگوترێت کام گەل یەکەمجار نووسینیان داهێنا، بەڵام 5هەزار ساڵ لەمەوبەر لە دەرەی «نیل»، کاتێک دەسەڵاتداری مەزن لە 3300 ساڵ پێش زایین لە ناو «ئەگیپێت، میسر» دروست بوو، دەستی پێ کرد.

لە کوردستان، میتسوپاتامیا (مەزرۆ بۆتان)، سۆمێریەکان سەرەتای شارستانیەتیان داڕێژت و بنیات و بەردی بنەمای شارستانیەتی کورد و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان، تا بە ئێستا دامەزراند.

نووسینی یەکەمی ئەوان لەو نیگار و نەخشانە بەدی هات، کە لە سروشتدا دەیانبینی و دەقی ئەوەیان دەکێشا. وێنەی مرۆڤێک لە بەردەم مرۆڤێکی تر، نەخشی ئاژەڵێک وەک خودی ئەو ئاژەڵە. بەم جۆرە نووسینی نیگاری «هیروگلیف» بەدی هات.

ئەم نووسینە زمانێکی تایبەتی نەبوو، تەنیا ئەو نیشانانە بوو کە لە جیهانی دەوروبەر و خواستەکانی مرۆڤ هەڵقوڵی بوو. بە هەر زمانێک دەکرا بخوێندرێتەوە و تێبگەیشتایە، بێگومان بە شێوەی گشتی و ساکار. ئەما بە ئارامی وێنەکان پترتر بوون و مرۆڤ توانای نەبوو کە هەموو ئەو واتانە کە پێویستی بوو، نەخشی بکێشێت. گیر و گرفتی گەورە و مەزن ئەوە بوو، کە فەرمان و کرداری تایبەت و ژمارە و چەندایەتیش نەدەکرا بنووسرێت.

ئایا چلۆن دەکریا هەزار مرۆڤ لە کەناری یەک بکێشرێت کە گوزارەی لە هەزار مرۆڤ بێت؟ بەم جۆرە لە هەمان سەرەتادا، گۆڕانێکی سەیر لە کاری نیگارکێشی بەدی هات. بۆ زۆربەی مەبەستەکان، شێوەهایەک بەدی هات کە شێوەیەکی لە دەروەی نەبوو، شێوەیەکی خەیاڵی بوو و واتەی واژەیی بوو.

بەم واتەیە کە مەبەستی جیهانی دەرەوەی دیاری دەکرد، بەڵام نەخشەکەی دوور بوو لە شێوەی مەبەستەکە. بۆ نموونە ڕێگاچوون بە دو پا نیشان دەدریا، بەڵام نەخشی دو پا نیشانەی دو پا نەبوو، بەڵکو نیشانەی چوون و ڕێگاڕۆیشتن بوو. یا چاوێک کە فرمێسکی لێ دەڕژا، نیشانەی ماتی و خەم و شین بوو. هەروەهاش بۆ ژمارە نیشانەهایەک دیاری کرا، کە سەرەتایترین نەخش پەیوەند بە ژمارە بوو، بەم نووسینە نوێیە، هیلۆگرام(1) دەبێژن. بە واتەی دەستنیشانکردنی بیر و خەیاڵەکان.

شێوە و نیگارهایەک کە چەشنی جیهانی دەرەوەی نییە. ئەم تەنگ و چەڵەمانە نیشاندەری خەریکبوونی هزر و ئەو واژەگەلەیە کە لە مێشکی ئێمە هەیە. ئەمەش بێگومان قۆناخی دووهەمی نووسینە، قۆناخێک کە لە پێشکەوتن و گەشەکردنی نووسین، وەرچەرخانێکی گەورە دەژمێردرێت.




هیرۆگلیف و زانستی ئەستێرەناسی لە ناو سومێریەکان. پێشینیانی کوردان. موزەی بریتانیا

نووسینی هیرۆگلیف کە لە میسر بەدی هات و نووسینێک کە لە زێد و واری کوردان (میتسوپاتامیا) و سومێر دروست بوو و هەروەها لە وڵاتی چینی کۆن، هەوەهاش بە دۆزینەوە سینی و گەنجینەی «زێوییە» پایتەختی دیرۆکی «میدیا» لە باژێری «سەقز» لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەمانە هەمووی بەڵگە و نووسینی گرینگی سەردەمی نیگارکێشانن. لە ڕاستیدا هەموو ئەو ئاسەوارانە کە لەو شێوە نەخشانە هەمانە، هیچکامیان نیگارکێشی چڕ و پڕ نین، بەڵکوو تێکەڵ بە شێوەکێشانن.



سینی بە نەخشی هیرۆگلیف لە زێوییە. سەقز. ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بەڵام کاری نووسین لێرەدا کۆتایی پێ نەهات، مرۆڤ بە گەشەسەندنی ئابووری و باری کۆمەڵایەتی، نەیدەتوانی پێداویستییەکانی بە یارمەتی نیگارکێشی و یا خود شێوەنەخشانە پێی چارەسەر بکات، بۆیە نووسین لە قۆناخی شێوەکێشی و هیلوگرامی بەرەو قۆناخی پیتنیگاری گەشەی سەند.
لەم ڕێگاوە بوو، کە یەکەمجار دەستگایەکی ڕێکوپێکی نووسین چێ بوو و هەموو ئەو بابەتانەی دەرەوە بە یارمەتی ئەو بنووسێت و هەڵگیرێت. ئیتر واژە بە شێوە و چەشنی دەرەوە و ڕەواڵەتی ئەو شتە بەند نەبوو. ئەم نووسین و واژەنیگارییە، نووسەرێک دەیتوانی وشە و دەنگەکە لە یەک جێ، کۆ بکاتەوە و بیخاتە بەر چاوی خوێنەر. ئەم پێشکەوتنە لە دەریای مەدیتەرانە* تا وڵاتی چین بە گشتی و هەموو وڵاتی کوردانی ئەو سەردەمە (میتسوپاتامیا، میدیا) بە تایبەتی گرتەوە خۆی و 7 قوتابخانەی واژەنیگاری بەدی هات، کە سومێریەکان کۆنترینیان بوون و چینیەکان ئێستاش لەسەر ئەو ڕێچکە دەنووسن.



**نووسینی «مێخی» بزماری**

پێواژۆی نوێ، قۆناخێکه که به تەواوی پیتنیگاری دەبێت، ئەم کاره به گشتی له ناو دەروونی شێوەی واژەنیگاری دروست دەبێت و ئەوەش له لایەن نەتەوەکانی دی بەدی هات، که دەبوایەت واژەنیگارەکانی ژمارەی زاڵی نەتەوەی تر بپەژرێنن و ئەوەیان بۆ خۆیان سەخت و دژوار دەزانی، وەک ئیلامییەکان، که له سەدەکانی نوێتر که نووسینی سومێریەکان وەرگرت و لەوە نووسینی پیتنیگاریان چێ کرد. بەم واتەیه که تەنیا به یەک لایەن بایەخیان دەدا، که ئەوەش لایەنی پیتنیگاری نووسین بوو. تەنانەتیش گەلەکانی «سامری» له باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان (فەلەستین، سوریه) ئەو شێوه پیتنیگارییەیان دیسان سادەتر و ئاسانتر کرد.




**نوسینی بزماری له سەر گڵی پێژراو. میتسوپاتامیا. موزەی بریتانیا**

نووسینی «مێخی» بزماری له خۆیدا له نووسینی نیگارکێشی بەدی هات و چون نیگارکێشی له سەر تاشەبەرد و شتی دی گیروگرفتی بەدی هێنا. بۆیه ئەم نووسینه هێدی هێدی ساد بووەوه و به چەشنی بزماری پچووک له سەر تەختەسەنگ و تەختی گڵی پێژراو و له دوایدا له سەر هەموو کەرەسەکانی نووسین بەدی هات و بێجگه له نووسراوەکانی سەر دەرگا و دەروازەکان، گڵی پێژراو و مۆهر و تەلەسەنگ و بەردی خڕیش هەبوو، که نووسینی بزماری له سەر هەمووی ئەوان نەخش کراون. نووسینی مێخی بریتی بوو له 36 پیت، بەڵام میدیاکان 6 پیتی دیکەیان بۆ زیاد کرد.




نووسینی بزماری لە سەر گڵی پێژراو. میتسوپاتامیا. موزەی بریتانیا

کۆنترین جۆری نووسینی بزماری لە نووسراوەکانی میتسوپاتامیا و تاقبستان دەبینرێت. لە دواییدا نووسینی «مانایی»، «ئاکادی، ئاگادی»، «بابلی»، «شوشی» و هتد لەو سەرچاوەوە گیراوە.




نووسینی بزماری بە زمانی ئاکادی. موزەی بریتانیا

هەروەهاش نووسینی مێخی ئێلامی لەم نووسینانە جودا دەبێتەوە، چونکە خۆی بە چەند دەرورە بەش دەبێت. نموونەکانی نوێیی ئەم نووسینانە، لە کەناری نووسینی بزماری میدیاکان لە زێویەی سەقز، پایتەختی ئیمپراتۆری میدیاکان و نووسراوەکانی بێستون لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیدا بووە.



نووسینی بزماری بابلییەکان. موزەی بریتانیا

نووسینی کۆنی میدیاکان کە لەو چاخە بە کار دەهات ئەویش نووسینی پیتنیگاری بوو و تەنها بەس چەند واژەنیگاری هەیە، بەڵام ئەمە تەنها و یەکەمین نووسینی پیتنیگاری نییە و پێشتر لەوە، ئازموونی ئەمە لە ئاسیای ڕۆژئاوا بە ئاشکرایی دەبینین.
نووسینی میدیاکان کە لە ستایشتی ئەهۆرا مەزدای دلۆڤان و ئەو شتەی کە ئافراندویەتی بە گشتی باس دەکات و هێشتاش بۆ ئێمە و مرۆڤایەتی جێگای ڕێز و ستایشتن.



نووسینی بزماری میدیاکان. گەنجی زێوییەی سەقز. ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە دوای ئەم قۆناخی نووسین بە پیت، مرۆڤ بە پێواژۆی نوێتر و مەزنتری گۆڕان و گەشەکردنی نووسین دەگات و ئەوەش بریتە لە «ئەلفوبێ»بوونی نووسین.

لە ئاسیای ڕۆژئاوا و میسر، لە ئەنجامدا نووسینی «ئەلفوبێ» بەدی هات، بەڵام لە یونان کە بۆ یەکەمجار ئەلفوبێی تەواو بەدی دێت، کە لە ناویدا دەنگەکانی کورت و دێژیان دیاری کرد.

دەبێت بزانین کە یونانییەکان و ڕۆمیەکان و لە ڕۆژهەڵات تا هیندوستان هەموو نەتەوەکانی ڕۆژئاوای ئاسیا و ئەورپا ئەلفوبێ خۆیان لە سامییەکان وەرگرت و هێشتاش نیشانەی ئەم وامگرتنە لە ئەلفوبێ ئەروپایی و جێ و شوینەکانی دیار و ئاشکرایە.

ڕیزی ئەلفوبێی سامی لە سەر بنیادی (ئەبجەد، هوز، کلمن و قرشت) دامزراوە. وەک لە نووسینی یونانی و رۆمی هێشتا دەتوانی (ئە، بی، سی، دی) (2) لە بەرابەری «ئەبجەد» و (ئەی، ئێف، جی) (3) لە بەرابەر «هوز» و (کەی، ئێل، ئێم، ئێن) (4) لە بەرابەر «کلمن» و (تی، ئێس، ئێر، کیو) (5) لە بەرابەری «قرشت» ببینی.




نووسینی یونانی لە نمرود. باکووری کوردستان

هاوکات لەتەک گەشەسەندنی نووسینی بزماری، نووسینی ئەلفوبێی تریش بەدی هات، بە ناوی شێوە نووسینی ئارامی.

ئارامییەکان نەتەوەیەک بوون کە لە تەواوی ئاسیای ڕۆژئاوا بڵاو بوونەوە و سەرەتا دەست بە کاری بازرگانی دەکەن. بە هۆی ئەمەوە، نووسین و زمانی ئارامی دەبێتە نووسین و زمانی نێونەتەویی ئەو سەردەمە، کە لە سەرتاسەری ئاسیا و ڕۆژئاوای مەدیتەرانە و باکووری ئافریقا پەرە دەستێنێت.


ئەم نووسینەی ئارامییەکان لە سەردەمی میدیاکانیش بە کار دێت و لە دوایدا دەبێتە زمانی دیوانی ئەو سەردەمە. نووسینی ئارامی دەبێتە مایە و هەوێنی نووسینەکانی دواتر، کە پاشان باو دەبێت و لە ناو دڵی ئەم نووسینە بەدی دێت.



شێوەنووسینی ئاڤێستایی. بێستوون. ڕۆژهەڵاتی کوردستان

نووسینی کۆنی هەورامی (پەهلەوی) کە بریتی بوو لە 24 پیت و کۆنترین بەڵگەش قەواڵەکانی هەورامانە کە لە سەر پێستی ئاسک نووسراوە، نووسیاوەکانی سەردەمی ساسانییەکان، پاشانیش دوای هێرشی عەرەب، (عەرەب کەوتە بیری نووسینی قورعان)، هەموو ڕاستەوخۆ پەیوەند بە نووسینی ئارامییەکانە. ئەم نووسینە لە ڕاستەوە بۆ چەپەوە دەنوسرێت.

شێوە نووسینی ئاڤێستا، نووسینێکە ڕۆژهەڵاتناسان بڕوایان وایە کە لە سەردەمی ساسانییەکان لە شێوە نووسینی ئارامی کاریگەری وەرگرتووە، بەڵام نووسینی ئاڤێستایی پاراوترین نووسینە کە پێشینیانی کورد چێیان کردووە و لە ئالی لێکۆڵینەوەی زمانناسی و نووسین، بایەخێکی فرە زۆری لە دیرۆکی ئێمەی کوردان هەیە.



شێوەنووسینی ئاڤێستایی. موزەی پاتشایەتی دانمارک

لە شێوەنووسینە گرینگەکانی کەونی ئێمەی کوردان، نووسینی «مانی» یان «مانەوی»یە. «مانی» لە سەرەتای سەردەمی ساسانییەکان دەرکەوت و خۆی وەک پەیامهێنەرێک ناساند، کە لە دوایشدا وەک زەردەشت کوژرا. لایەنگیرانی مانی بۆ نووسین و هەڵگرتنی بابەتەکانی خۆیان شێوەنووسینێکیان بەدی هێنا کە بە جۆری نووسینی مانی بەناوبانگە، کە ئەویش لە شێوەی ئارامی سوودی وەرگرتبوو و زۆر تەواو و ڕێکوپێک بوو.

لە سەرزەمینی «ئاری» کە فرە گەل و هۆزی تێدا دەژیا، نووسین و زمان و زاراوەی جۆراجۆری تر هەبوو. وەک زمانی «خوتنی» لە «تورکستان»ی «چین» و لە ڕۆژهەڵاتی «ئەفغانستان»، بەڵام شێوەی نووسینیان لە «هێند»ەوە هاتبوو و برێک نووسراوەی «بودایی» دۆزراوەتەوە. هەروەهاش زمانی «سوغدی» لە «تاجیکستان» و «سەمەرقەند» و «فەرغانە»ی ئێمڕۆ نووسراوە، دۆزراوەتەوە و بۆ کۆتایی سەردەمی ئیمپراتۆری ساسانی و داگیربوونی وڵاتی ئاری لە لایەن عەرەب و کزبوونی دین و زمانی «بەهدینی»، کە

لێرەوە قۆناخێکی نوێ لە نووسین و زمان، لە وڵاتی کوردان و سەرزەمینی ئاری دەست پێ دەکات و شێوە نووسینە کۆنەکان، ئارام ئارام لە ناو دەچن و ئیدی لە دوای 200 تا 300 ساڵ پاش هاتنی زۆرەملی ئیسلام، ئیتر شێوەنووسینەکانی دیکە قەدەغە کریا و نووسینی ئارامی جۆری «کووفی، نەسخ، قورعانی» خۆی سەپاند، کە ئەمەش خۆی جێگای باسە.



شێوەنووسینی کووفی. موزەی سولەیمانی

لە کوردستان شێوەنووسینی دیکە بوو بە ناوی «ماسیسۆراتی» کە 37 پیت بوو. نووسەری عەرەب «ابنوحشیە» لە پەرتووکی (شوق‌المستهام فی معرفە رموزالاقلام) کە لە ساڵی 241ی کۆچی بۆ «عبدالمکمروان»ی نووسیبوو: کوردەکان زۆربەی نووسراوەکانی خۆیان بە خەتی «ماسیسۆرتی» ئەنووسن. لە گەڕەکی «ناووسی» لە «بەغداد» چاوم بە سێ بەرگ پەرتووکی کوردی کەوت کە بە شێوەنووسینی ماسیسۆراتی نووسرا بوون. ئێستاش لە «شام» 2 بەرگ لەو پەرتووکانەم لەلایە، کە یەکێکیان پەیوەند بە کشتوکاڵە، (چۆنیەتی چاندن و بەرهەمهێنانی داری خورما و درەختەکانی میوە) و پەرتووکی دیکەش سەبارەت بە دۆزینەوەی ئاو لە جێگای وشک و بێئاوە. من هەر 2 پەرتووکم تەجومان کردووە سەر زمانی عەرەبی تا هەموو کەس کەڵکی لێ وەرگرن.
دوا شێوەنووسینی کوردی، خەتی ئێزیدییە. شێوەنووسینی «ئێزیدی» لە 31 پیت چێ بووە کە وەک ماسیسۆراتی لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەنووسرێت. کە تێکەڵێکە لە شێوەنووسینی ئاڤێستایی و هەورامی کۆن و کووفی. پەرتووکەکانی «مەسحەفەڕەش» و «جیلوە» و نیایشتەکانی ئایینی ئێزدی پێ نووسراوە.

1– Heliogram
2– A, B, C, D
3– E, F, G
4– K, L, M, N
5– T, S, R, Q
6– Mediteranean

مەدیتەرانە دەریای مەدیتەرانە(6)، ناوێکی فەرانسەوییە کە بۆ سنوور و دەسەڵاتداری وڵاتی مەدیا تا سەر سنووری دەریای مەدیتەرانە دەگوترا.

سەرچاوەکان:

**چیاکانی نەناسراوی ئاڤێستا – عمادالدین دەوڵەتشاهی**
**دەورانی بێخەبەری. 2 بەرگ – ڕەشی کەیخوسرەوی**
**مێژووی وێژەی کوردی. بەرگی 1. سدیقی بۆرەکەیی**